# حیزب وەک هۆکارێکی بەدەوڵەتنەبوون و گەشەنەکردنی کۆمەڵگەی کوردیی

ئێستاش کۆمەڵگەیەکی سەرەتایین. هەتا دەوڵەتمان نەبێت هەر کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی دەبین. ئەگەر ئەم دێڕەی سەرەتا، دەروازەی چوونە ژوورەوەی بابەتێک بێت، دەبێ دوابەدوای ئەمە بڵێین: خۆ بەوەی نییە کە لە رابردوو و ئێستاشدا لە کوردستان تەراتێنی گوتارە خۆڕادەستکەر و دۆڕاوەکانی دژەدەوڵەت و دژەناسیۆنالیزم هەبووە و هەیە؛ لە ئەرزی واقیعەکەدا بەپێی هەر سەردەمێک بیگری، بەراورد بە جیهان و دەوروبەر، وەک کۆمەڵگەیەکی بێدەوڵەت هەر کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی و دواکەوتووی بێدەسەڵات دەبین کە تەنانەت ماف و توانای گەشەی سروشتیمان نییە. هەڵبەت ئەگەر ئیتر دروست بێت بە کۆمەڵگە (جامعە) پێناسە بکرێین نەک بە کۆمەڵ (اجتماع)!.

ئەگەر لە رووی تییۆریک و واقیعیشەوە وا بڕیارە کە بۆ هەبوون یان بنیاتنانی دەوڵەت دەبێ سەرەتا کۆمەڵگە گەیشتبێتە ئەو ئاستە لە (گەشە) کە بتوانێ دەوڵەتی خۆی بنیات بنێت؛ ئەوا ئاسایی و سروشتیی، دەبێ بە لانی کەمیەوە هۆکار و هێزە (خۆیی)یە کاریگەر و ئاراستەپێدەرەکانی کۆمەڵگە، لەو رەوتەدا و لە پێناوی گەیشتنی کۆمەڵگە بەو ئاستە لە (گەشە) بن. کە وا بوو ئەگەر کۆمەڵگەیەک نەگەیشتبووە ئەو ئاستە لە گەشە، ئیتر دەبێ لەم نەگەیشتن یان پێنەگەیشتنەیدا، لەگەڵ هۆکارە دەرەکییەکان، هۆکارە خۆییەکانیش بە دەورێکی نەرێنییەوە کاریگەر بووبن.

ئەگەر گەشەی کۆمەڵگەی کوردیش نەگەیشتووەتە ئەو ئاستە کە ببین یان بتوانین ببینە خاوەنی دەوڵەت، دیارە لەپاڵ هۆکارە دەرەکییەکان (سیاسی، نێودەوڵەتیی...)دا هۆکارە خۆییەکانیش کاریگەر بوون. دیارە هۆکارە خۆییەکان هەر بە تەنیا مادیی (ئابووری و جوگرافی...) نین، کەلتووریشن. کەلتووریش هەر مادیی نییە، بەڵکو هزریشە، روانین و دنیابینیی و وشیاریی و هەستی بەکۆمەڵ یان دەستەجەمعیشە. ناکرێ لە باسکردن لە هۆکارە خۆیی-کەلتوورییەکاندا تەنیا بە شەنوکەوی هۆکارە مادییەکان یان ئاماژەکردنێکی سەرپێیی و قسەکردنێکی گشتیی لە جۆری پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ژێرخانی کۆمەڵایەتی بەسندە بکەین، بەڵکو دەبێ بە جەختەوە و بە دیاریکراویی و وردەکارییەوە لەسەر (کەلتوور)یش هەڵوەستە بکەین، چون

کەلتوور لە ڕەهەندە هزرییەکەیەوە ئەو خەون یان ڕوانین و دنیابینییە بەکۆمەڵەیە کە دەتوانێ ببێتە (هۆ)ی خواست و ئیرادەی بەکۆمەڵ بۆ بڕینی بەربەستە دەرەکییەکانی ڕێی گەشەی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی دەوڵەت. هەر لەم ڕەهەندەیدا، کەلتوور تەنانەت دەتوانێ ڕووە مادییەکەش بەرەو گەشە ئاراستە بدات و ڕەخسێنەری دەوڵەتسازیی بێت.

هەڵبەت کەلتوور قەت لەوە ناکەوێت کە (هۆ) بێت، واتە؛ بەردەوام هۆیەکە بۆ بەهێزیی و گەشەی کۆمەڵگە یان بە پێچەوانەوە. هۆیەکە بۆ باڵاکردن و بۆ تەبایی و جۆری پێوەندییە ناوخۆییە کۆمەڵایەتییەکان و بۆ جۆری پێوەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی مرۆیی تایبەت، بە کۆمەڵگەکانی دیکەوە. هۆیەکە بۆ چۆنیەتیی بەرکەوتن و مامەڵەی کۆمەڵگەیەک لەگەڵ پرسە ژیاریی و سیاسییەکان، لەگەڵ مەترسیی و هەڵکەوت و دەرفەتەکان. بەڵام بە درێژایی هەبوونی کۆمەڵگەیەک، کەلتوورەکەی بە تەنیا (هۆ) نەبووە و نییە، یان بە تەنیا وەک (هۆکار)ێک نامێنێتەوە، بەڵکو (بەرهۆ)شە، واتە؛ لە ڕەوتی پێکهاتن و شێوەگرتن یان دەرکەوتن و گۆڕانکارییەکانیدا، بە کۆمەڵێک (هۆ) کاریگەرە. کەلتووری هەر کۆمەڵگەیەک بە کۆمەڵێک هۆکاری مادیی و نامادیی کاریگەرە؛ هەر لە هۆکارە مادییەکانی ئابووری و نیشتمان یان هەڵکەوتەی جوگرافیاییەوە بۆ هۆکارە نامادییەکانی وەکوو ئایین و سیاسەت و مێنتەلێتیی یەکە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان و هەروەها بە گوتار و ئاکاری سەرکردە یان بەڕێوەبەرەکانی ئەو کۆمەڵگە یان بەشێکی ئەو کۆمەڵگەیە.

ئەگەر کەلتووری کوردیی نەبووەتە کەلتوورێک کە دەوڵەتساز بێت یان هەڵگری دەوڵەت و خاوەندارێتیکردنی بێت تا بەم هۆیەوە لە ڕوانگە و خواستی ئێمەدا (دەوڵەتخوازیی) و لە شوناسی ئێمەدا (دەوڵەت) غایب نەبێت، ئەوا بێجگە لە جوگرافیا و تۆپۆگرافیا، مێنتەلێتیی خێڵ و ئینتما و پابەندیی بۆ یەکە کۆمەڵایەتییەکانی بچووکتر لە نەتەوە، کاریگەر بوون. ئەگەر لە ڕوانین و ئاکار، لە هزر و کرداری ئێمەدا بەرژەوەندییە تایبەتە بچووک و بەرتەسکەکان وەپێش بەرژەوەندییە بنەڕەتیی و گشتییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان دەخرێن و ئەمەش دەبێتە یەک لە هۆیە کاریگەرەکانی بەدەوڵەتنەبوونمان، شتێک لە سترەکتۆری کۆمەڵایەتی و کەلتووری

لەمێژینە و دێرینمان کاریگەریی هەبووە. بەڵام ئەم پرسە تەنیا پێوەندیی بە سترەکتۆری لەمێژینە و هۆکارە دێرینەکانەوە نییە، بەڵکو هۆکاری نوێ و ئێستەییش کارتێکەرن. بۆ نموونە؛ ئەگەر لە سەدەکانی ناویندا مێنتەلیتیی خێڵ یان هاوئایینیی لەگەڵ هێرشبەران و داگیرکەراندا لە هۆکارەکانی چەقبەستوویی کەلتووریی و کڵاولەسەرچوون و ژێردەستەیی بووە، ئەوا لەمڕۆدا و لەپاڵ ئەمانەدا (حیزب) و گوتارە سیاسی و ئایدیۆلۆژیکەکان، گوتار و ئاکار و کرداری کاریزما و سەرکردەکان لە هۆکارە (خۆیی)یە کاریگەرەکانی ئەو چەقبەستن و کڵاولەسەرچوونەن.

پێویستە لێرەدا بڵێین چون دەستەواژەی (هۆکارە خۆیی یان زاتیی)یەکان زیاتر گوزارشت لەو جۆرە هۆکارانە دەکات کە سروشتکردن، ڕەنگە لێرەوە گونجاوتر بێت ئێمە دەستەواژەی (هۆکارە ناوخۆیی)ەکان بەکار ببەین چون بەمجۆرە زیاتر دەربڕی هۆکارە مرۆیی و خۆکرد یان دەستکردەکان دەبێت.لە سەردەمی مۆدێرندا و لە کوردستاندا لە هەشتا ساڵی رابردوو و بە دیاریکراویی لە پاش درووستبوونی (حیزب) لە کوردستان، حیزبەکان لە هۆکارە کاریگەرەکانی کەلتوورسازیی و بەتایبەتیی کەلتووری سیاسی، گوتارسازیی و مێنتەلیتەسازین. ئەمان لە هۆکارە کارتێکەرەکانی پرۆسەی نەتەوەسازیی و یەکڕیزیی کۆمەڵایەتی و یەکبوونی نەتەوەیی یان بەپێچەوانەوە، بوون و هەن. ئەمان لە ئاستی وشیاری نەتەوەیی و هەستی بەکۆمەڵ و چێبوونی کۆنەستی کوردیدا بەشدار بوون. بەگشتیی ئەمان لە بنیاتنان یان تێکدانی زەمینە مادیی و رۆحییە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگە بۆ گەشە و بۆ سەربەخۆیی و بۆ ئازادیی لە هزرین و کرداری بەکۆمەڵماندا، کاریگەر بوون.

دیارە حیزب وەک دامەزراوەیەکی ڕێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، نەک هەر لە پانتایی تایبەت بەڵکو لە پانتایی گشتیشدا کارتێکەرە. حیزب بەرنامەیەکی سیاسی یان ئایدیۆلۆژیکی تایبەتی هەیە کە دەیهەوێ لە کۆمەڵگەیەکی مرۆیی و نەتەوەییدا پراکتیزەی بکات و بۆ ئەمەش کار دەکات، بۆیە ئەگەر ڕاستەوخۆش خۆی وەک پرۆژەیەکی کەلتووریی ڕانەگەیەنێت، ناڕاستەوخۆ بەڵام کاریگەر، لە کەلتوورسازیدا بکەر و کارایە. گوتار و ئاکاری حیزب و دەرهاویشتە دیسکۆرسیڤ و پراکتیکییەکانی، نەک هەر لێکەوتەی سیاسی بەڵکو لە ئاستە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکەیدا

لێکەوتەی کەلتووریشی دەبن. ئەمە بەتایبەتیی لە کوردستاندا کە کۆمەڵگەیەکی عەتفیی و وەفادار و پابەندی خوێنە، وایە.

لە کۆمەڵی کوردەواریدا عەتف و هۆگرییەکی لەبننەهاتوو بۆ خەباتکارانی نەتەوەیی (مەبەست هەر حیزب یان لایەنێکە کە بەناوی نەتەوەییە خەبات دەکات) و بۆ چوارچێوەی ناو و هێماکان و بۆ گیانبەختکردووان هەیە، بۆیە لە کۆمەڵی کوردەواریدا زۆر زوو و بە توندیی ئامێتەبوونێکی فکریی و کردارەکیی و کەلتووریی لە نێوان حیزب و کۆمەڵگەدا دروست دەبێت. کە وا بوو ناکرێ ئێمە باسی نائامادەبوونی زەمینە کەلتوورییەکانی کۆمەڵی کوردەواریی بۆ گەشە و سەربەخۆیی و دەوڵەتداریی بکەین بە بێ ئەوەی باسی دەوری نەرێنی حیزب لەم نائامادەبوونەدا بکەین.

بەو پێیەی کە لە چییەتیی کۆمەڵگەی کوردیدا بەردەوام هەوڵدان بۆ بەرژەوەندیی تایبەت و بەرتەسکی خێڵەکیی و ناوچەیی هەبووە، پەرتەوازەیی و نایەکڕیزیی و ململانێی کوشندەی ناوخۆیی هەبووە، بۆ ملشکاندن یان کۆڵپێدانی یەکتر پەنابردنە بەر داگیرکەر هەبووە، ترس و رق لە دەوڵەت وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی هەبووە (چون کورد بەردەوام بەرکەوتن و تێکهەڵچوونی خوێناویی لەگەڵ دەوڵەتانی داگیرکەر وەک نوێنەکی دەوڵەت، هەبووە)، متمانەبەخۆنەبوون هەبووە، خۆکەمبینیی لەچاو ئەویدیکەی هەبووە، کۆیاد یان یادگەیەکی بەکۆمەڵی لاوازی هەبووە، خۆلەقەرەنەدانی پرسە باڵاکانی سیاسەت (وەکوو دەوڵەتخوازیی و دەوڵەتداریی) هەبووە...؛ دەبوو حیزب بە پێچەوانەی ئەو چییەتیی و رەوتە کەلتووریی و سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییە کار بکات و کاریگەر بێت. بەڵام بە ئاوڕدانەوەیەک لە مێژووی حیزبی کوردیی، بە روونیی بۆمان دەردەکەوێت کە ئەمان خۆیان نەک هەر بوونەوە بە بەشێک لەو چییەتییە، بەڵکو بوون بە هۆکاری خەستترکردن و تەشەنەکردنی زیاتری ئەو رەوتە کەلتوورییە لە فۆڕم و شێوازی سەردەمیانە و مەترسیدارتردا. کاریگەریی ئەمانە لە دەرکەوتەکانی وەکوو؛ وەپێشخستنی بەرژەوەندییە حیزبیی و ناوچەییە سنووربەرتەسکەکان لەچاو بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە، شەڕە ناوخۆییەکان (براکوژیی)، چوونەوە باوەشی دەوڵەتە داگیرکەرەکان یان هاوکاریکردنی سیاسەتی داگیرکەران بە دژایەتیکردن و لێدانی

لایەنێکی دیکەی کوردیی، کەوتنەداوی گوتارە چەپ و راستەکانی داگیرکەران کە بەگشتیی گوتارگەلێکی نامۆ بەم نەتەوەیە و ناکۆک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانیدا بووە، نەبوونی خەونی گەورە و هەڵنەگرتنی گوتارێکی نەتەوەیی تەواو و نەبوونی ستراتیژێکی روونی نیشتمانیی، هەڵگرتنی گوتاری دژەناسیۆنالیستیی و دژەدەوڵەتخوازیی، هەوڵدان بۆ ئاشتکردنەوەی جەماوەر لەگەڵ داگیرکەران و لەم رێگەیەوە لەبیربردنەوەی کارەساتەکان و سڕینەوە یان لاوازکردنی یادگەی بەکۆمەڵمان، وانەوەرنەگرتن لە مێژوو و ...، خۆی دەنوێنێ.

بە نیسبەت کاریگەریی کاریزما و سەرکردەکان لە روانین و گوتار و ئاکار و سایکۆلۆژیای بەکۆمەڵ و لە ئاستی خواست و ئامادەبوونی کورددا؛ کاتێ دەبیستین حیزبێکی کوردیی لە زاری سەرکردە و یەکێک لە دامەزرێنەرەکانیەوە -جەلال تاڵەبانی- دەڵێت: "هیچ متمانەیەک لە بەینی ئێراق و کورددا نەماوە و ئەمە زەبری زەمانە و هەلومەرجە کە ناچارین دانوستانیان لەگەڵ بکەین"، بەڵام هاوکات دەڵێ: "دەوڵەتی کوردیی خەونی شاعیرانە" و هەر خۆی بە هاوڕێیەتیی لەگەڵ لایەنە کوردییەکانی دیکە لە ساڵی۲۰۰۳دا نێزیکترین و لەبارترین هەل بۆ سەربەخۆیی بەشێکی کوردستان، بە پلەیەکی سیاسی و کارگێڕیی لە دەوڵەتی داگیرکەردا و بە هێندێک دەسکەوتی مادیی و حیزبیی دەگۆڕێتەوە و بەم جۆرە دەرفەتەکە لە بار دەبات، کاتێ سەرکردەیەکی کورد -عەبدوڵڵا ئۆجەلان- دەڵێت: " تورک لە وڵاتی ئێمەدا نامۆ و داگیرکەرن و دەوڵەتی کوردستان مافێکی سروشتیی و پێویستییەکی حەتمیی نەتەوەی کوردە و ئێمەش تا هەبین لەو پێناوەدا دەجەنگین"، بەڵام هەر ئەم سەرکردەیە دواتر دەبێتە هەڵگر و پەرەپێدەری گوتاری دژەدەوڵەتی کوردیی و خەونی میساقی میللیی تورکیا، کاتێ سەرکردەیەکی چالاکی کورد -د.عەبدولڕەحمان قاسملوو- کە شارەزای ئابووری و هاوکات ئاگاداری پێداویستیەکانی نەتەوە و توانستە مێژوویی و مادیی و رۆحییەکانی کۆمەڵگەی کوردییە بەڵام دەڵێ: "هیچ پێویستییەک نابینم کە خۆم بە نائێرانیی پێناسە بکەم و لە ئێران جیا ببمەوە"، کاتێک یەکێکی دیکە -عەبدوڵڵا موهتەدی- خۆی بە بەشێک لە چەپی ئێرانیی و هاوپەیمانیان دەزانیت بەڵام لایەنی دیکەی کوردیی بە "بۆرژوا و رێگری سەرەکی و دوژمنی مەترسیدار" دەزانێت، یەکی دیکەشمان -مەسعود بارزانی- جاڕی ریفراندۆم و دەوڵەتی کوردیی دەدات بەڵام لە

هەیمەنەی فیۆدالیی و خێڵەکیی خۆیدا و لە رقەبەرێتیی لایەنێکی دیکەی کوردیدا واز لە هاوپەیمانێتیی فاشیستترین، رەیسیستترین، درندەترین و خوێنمژترین دوژمنی نەتەوەی کورد (واتە تورکیا) ناهێنێت...؛ ئیتر ئەو کاتانە دێتە ئارا کە ئێمە تێیدا بە لانی کەمیەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە حیزب و سەرکردە تۆوی چ جۆرێک لە گوتار و ئاکار و کرداریان چاندووە، بەم دژبەیەکیی و متمانەبەخۆنەبوون و پاشەکشە و خۆکوژییە چۆن لە روانینی ئێمە بۆ خۆمان و بۆ دیتران و چۆن لە روانگە و کردەوەماندا لە مەیدانی سیاسەت و لە کایە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا و چۆن لە جیهانبینیی و بەگشتیی لە کەلتوور و ئاستی ئامادەبوونی ئێمەدا کاریگەر بوون و هەن. ئیتر لێرەدا روون دەبێتەوە کە هۆکارە ناوخۆییەکان دەکرێ لە هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەرتر بن. حیزب لە کۆنەست و کۆهەستی ئێمەدا بێجگە لە حەماسەت و قارەمانێتییەکان و بگرە زیاتر لە لێکەوتە ئەرێنییە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانیان (لە برگەیەکی زەمەنیدا)، وەبیرهێنەرەوە و خوڵقێنەری ئەو جۆرە لە هۆکاری خۆیین کە بە باری رووخێنەری خۆیدا، لە وتار و کرداری دژبەیەکدا، لە پێداگریی دەرەبەگانەدا، لە خەونی بچووک و خواستی بەرتەسکدا، لە ناتەبایی و یەکترسڕینەوەدا، لە رووخاندنی ورە و بەفیڕۆدانی وزە و مادە و فەوتاندنی دەرفەتدا، لە تەسلیمبوون و خۆکوژیدا، لە شکست و نەگەیشتن بە ئامانجدا، لە خودکەمبینیی و نەیارشەیداییدا، لە نەبوونی گوتاری سەربەخۆیی و بێتوانایی لە دەوڵەتسازیدا، لە رقلێبوونەوە لە سیاسەت و لە گرنگینەدان (ی بەپێی پێویست) بە بەها نەتەوەییەکان و بە نیشتمان، لە رابردوو و هەنووکەی سیاسی و کەلتووریی ئێمەدا دەوریان گێڕاوە. ئەمان بەمجۆرە لە نائامادەیی ئێمەدا و لە گەشەنەکردنی کەلتووریی و لە کۆتاییدا بەدەوڵەتنەبوونی ئێمە و مانەوەمان وەک کۆمەڵگەیەکی سەرەتایی، بەشدار بوون. ئەمەش هەم بە پێچەوانەی مەبەست و ئەرکی حیزبە وەک دامەزراوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەم دژی ئەو بەها نەتەوەیی و نیشتمانیی و کەلتوورییە باڵایانەیە کە خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان (زیاتر بە گیانفیدایی پێشمەرگە و کادیران و خواستی جەماوەر و بە لەخۆبوردوویی بەشێک لە سەرکردایەتیی، پاشان بە بانگەشە) لە هێشتنەوە یان هێنانە ئاراياندا کاریگەر بوون.

کە وا بوو لە ئاکامدا حیزب لە کوردستاندا وا خەریکە پێچەوانەی ئەرک و خەسڵەتی حیزب (وەک دامەزراوەیەکی سیاسی-کۆمەڵایەتی و سەیوانێکی فکریی-کەلتووریی گەشەخواز و پێشکەوتنخواز) رەوت دەکات و پێچەوانەی بەشێکی بانگەشەکانی خۆی وەک حیزبی کوردیی و پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی خەڵک کار دەکات و لە هەمووی گرنگتر؛ پێچەوانەی پێداویستییە نەتەوەییەکانی کوردە بۆ گەشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی-کەلتووریی بە ئاراستەی سروشتیی و مافخوازانەی خۆیدا کە لە وشیاریی و گەشەیەکی تەندروست و لە یەکێتیی و یەکبوون و لە سەربەخۆییدا خۆی دەبینێتەوە. بێگومان ئەگەر حیزبەیلی مەوجوود بەخۆیاندا نەچنەوە، ئەوا داهاتوو بۆ ئەوان نابێت. لە کۆتاییدا؛ ئەگەر بڕیارە حیزب وەک دامەزراوەیەک هەر ئامرازێکی پێویست و سەردەمیانە بێت بۆ سیاسەت و بۆ وشیارکردنەوە و بۆ کەلتوورسازیی، ئەوا (حیزب) وەک دامەزراوە و ئامراز دەبێ بەردەام بێت و لەبری کێشەساز،چارەساز بێت، بەڵام کۆمەڵگەی کوردیی دەبێ حیزبەیلی (مەوجوود) بەو گوتار و ئاکار و کردارەیانەوە تێبپەڕێنێت، چونکا ناکرێ لەبەردەم ئازادیی و گەشەی پێویست و باڵاکردنی گوتاری نەتەوەیی و بەدەوڵەتبووندا رێگرێکی خۆیی هەبێت کە بیهەوێ و بتوانێ هەروا بێدەروەستانە چەق ببەستێت و وەک شێرپەنجە تەرز دابکوتێت.

دیارە رەوتی گەشەی کەلتووریی و سیاسی هەر کۆمەڵگەیەک بە پێداهەڵدانێکی زێدەڕۆیانە و چاوداخستن لە ئاستی کەموکوورییەکان ناپێورێت و بە ئەفسانەسازیی لە رابردوو و بە پشتگیریی بێبنەما و کوێرکوێرانە لە هەنووکە و بە شاردنەوەی راستییەکان و چارەنەکردنی لێکەوتە نەرێنییەکان، ناگاتە ئاکام. هەر بەو جۆرەش ناکرێ کۆی مێژوو و کەلتووری ئێمە (لەم ناوەدا حیزبەکانیش، بە دەسکەوت و دەرهاویشتەکانیانەوە) بە بنبڕیی لێی بدرێت و بە هیچ یان بەتەواوەتی بە نەرێنیی لێکبدرێتەوە، ئەمەش لێرەدا دوورە لە مەبەستی وتارەکە. بەڵام چون لێرەدا ویستوومە لەو دەروازەیەوە کە دەوڵەت نیشانەیەکی سەرەکی و یەکاڵایە بۆ گەشەکردوویی کۆمەڵگەیەک لە رەهەندە جۆربەجۆرەکانیدا، هەڵوەستەیەک بکەم لەسەر هۆکارێکی گرنگی بەدەوڵەتنەبوونی کورد کە پێوەندیی بە گەشەی کۆمەڵگەوە هەیە و لەم بەستێنەدا باسی هۆکاری خۆیی یان خۆکردی کەلتووریی لە گەشەنەکردندا بکەم،

بەپێویستم زانیوە تیشک بخەمە سەر (حیزب) کە وەک یەکە و دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی کارتێکەر، دەور دەبینێت. دەنا وەک ئاماژەم پێداوە؛ حیزبی کوردیی بێدەسکەوت نەبووە و لێکەوتەی ئەرێنیی وەک بانگەشەکارێکی بەها و داخوازە نەتەوەییەکان هەبووە و بگرە لە بڕگەیەکی زەمەنیدا هەر خۆی دەرکەوتە و بەرجەستەکەرەوەی ئەو بەها و داخوازە نەتەوەیی و نیشتمانییانە بووە، بەڵام وردەکارییەکانی کات و ئاست و چۆنیەتی کاریگەرییەکانی ئەو دەرکەوتە و بەرجەستەبوونەوەیە هاوپێچ لەگەڵ گەشە کەلتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردیی (لە ئاست و ڕەهەندی خۆیدا)، بابەتی ئەم نووسراوە نییە و تەنیا ئاماژەکردنێکم بە پەیوەست و پێویست زانیوە.

شاهۆ مەلەکی ٢٠٢٤/٩/٢٢